# من خوێتی باڵندەیەکم
# لەبەر دەڕوا ...!

دلاوەر قەرەداغی



هەوا پڕە لە شەو
فوارە درێژ بۆتەوە تا سێبەر
بە فڕینی باڵندەکاندا دەزانم
کەسێک بە فیکەلێدانەوە لە کۆڵانەوە تێپەڕیوە
بەرەو سەفەر
چەند خەیاڵێک ئینجانە و

جاددەیەک جێگەپێی دڵخۆشی
لەدوای خۆیەوە جێهێشتوون!

دایکم وەک ئەوەی
دڵی ختوورەی کردبێ شتێک روودەدا
تا بەردەرگەی حەوشە
لەگەڵم دێ
ئەوەی دایکێک پێویست بکا
لە دوعا و دڵنەوایی و قسەی خۆش
بۆ بەڕێکردنی کوڕەکەی بیڵێ،
ئەو لەبەرخۆیەوە دەیڵێ ...!

بە جانتاکەمەوە
دەگەمە سەری کۆڵان
لەبەر عەمودی سەرسوچەکەدا ڕادەوەستم
جگەرەیەک و زەرفێک نوقووڵ
لە دوکانەکەی باجی ئافتاو دەکڕم
بە ڕوانینەکانی باجی دا
هەست بە شتێکی سەیر دەکەم لە خۆمدا
ئاوڕدەدەمەوە و دەنۆڕم لە سێبەرەکەم
کە کوژراوە لەپاڵ دیوارەکەدا
دەنۆڕم لە جێگەپێ خوێناوییەکانم

لە بەردەرگەی حەوشەوە
تا دوکەڵ و نوقووڵ
هەست دەکەم بێ ئەندازە دڵخۆش و کوژراوم
باجی دەڵێ: ڕۆڵە
خۆ ئەوە خوێنی باڵندەیەکت لەبەر دەڕوا
خوێنی باڵندەیەکی خەمگین
کە دوێشەو بە چاوی خۆم بینیم لە خەوندا
لێرەوە هۆن هۆن
بەرەو منارەکانی شاری بایەزید
لە شەققەی باڵی دا!

سوپاسێکی باجی دەکەم
خۆم هێور دەکەمەوە
دوای هەواڵپرسینی کۆتر و ئینجانە و
ژانە سەرەکانی
پارەکەی دەدەمێ و دەڕۆم
نوقلێک دەنێمە زارم و
جگەرەکە پێدەکەم
ئیتر دەزانم بۆ کوێ دەچم
بە چەترێک دوکەڵەوە
دەچمە قولایی خەیاڵەوە بۆ ژێر باران
هەست دەکەم لە موسافیرێک دەچم
کە هەر بە ڕاستیی بیەوێ

بۆ جێگەیەکی دی بڕوا
لە موسافیرێکی جیەدی
بە خەونی غەریبەوە
موسافیرێکی
خەیاڵپڵاو و
کوژراو و
خاکەڕا
کە هۆن هۆن
خوێنی باڵندەیەکی دڵتەنگی لەبەر دەڕوا!

بۆنی تۆ لە ڕێگەکانەوە دێ
بۆنی تۆ دێت کاتێک بیری من دەکەیت
بۆنی تۆ لە درەختەکانەوە دێ
بۆنی تۆ دێت کاتێک کە باڵندەکان دڵخۆش نین
بۆنی تۆ لە نائومێدییەوە دێ
بۆنی تۆ دێت کە ئێوارەیەکی درەنگ
سیواء لە پیاوی ناو تەلەفیزۆنەکان دەبێتەوە
دەکەویتە وێران کردنی ئینجانەکان و
لەبەر ئاوێنەکەتا ڕادەوەستیت و
خوڕ خوڕ دەگریت!

شەوم بەسەردا دێت و
خەون دەبینم

لە خەونەکەدا من هێشتا هەر کوژراوم
لەپاڵ دیوارەکەدا
مانگ بە پێدزکێ دەگوازێتەوە تەنیشتم و
دەبێتە دراوسێم
خانوویەکی بچکۆلانە بە زیخ و سەدەف و
مورووی ڕەنگاوڕەنگ
بۆ خۆی دروست دەکا
دوو گوڵەدەمەشێر دەکاتە پەنجەرە و
چەند تەڵێک گیا بە پەردە و
بەردێکی پرتەقاڵیی و جوانیش بە دەرگە
من مناڵ دەبمەوە و چاکەت و پانتۆڵێکی شەکەریی
لەبەردەکەم
پەپوولەیەکی خەمگین
لە بەرۆکی چاکەتەکەم دەدەم
قژم بە لادا دادێنم و دەچم بۆ میوانیی
تەق تەق لە دەرگەکەی دەدەم و
دەڵێم: ماڵەکە لەوێن؟
مانگ لەودیوەوە بە نازونوزێکەوە دەڵێ:
کورە تۆ کێی؟
منیش دەنگی خۆم دەگۆڕم و بە دەنگی
کوڕێکەوە
کە خوێنی باڵندەیەکی خەمگینی
لەبەر بڕوا ... دەڵێم:
گوڵەکەم ... دە بیکەرەوە

خۆمم ...
خ ....
ۆ
م!

نازانم بۆ ئێستا ئەو خەونەم بیرکەوتەوە
کە لە ئێوارەیەکی درەنگی دوای ڕاپەڕیندا
بینیم
لە خەونەکەدا ... خانووەکە بچکۆلەکەمان
لە گەڕەکی ئازادی
کتوپڕ
لە بناخەوە فڕی
تەنها خۆم لە حەوشە مامەوە و
ئەو باڵندە مەلووولانەش
کە ئێواران وەک ڕیزێک سێبەری جلک ڕەش،
باڵیان ڕادەگرت و
وەک ئەوەی ڕیزیان گرتبێ
خوێن بدەنە من
لەسەر پەلکی دارهەنارەکەی حەوشە
هەڵدەنیشتن!

ئینجانە هۆن هۆن
تەنیایی لێ دەوەرێ
خوێنی باڵندەیەک

**خوڕ خوڕ**
**بە درێژایی ڕێگە**
**لە من دەڕوا ...!**

ئایاری 2010